# چاویلکەیەک
# لە خزمەتی بواری پزیشکیدا




دروشمی زانست بەرەو پێشەوە دەڕوات، هەر دروشمێك نییە و گوترابێتەوە، بەڵکو بە کردەوەش دەبینرێت تەکنەلۆژیای ئەمڕۆکە بە رادەیەك پێشـــکەوتووە کە داهاتوویەکی ئەوتۆی چاوەڕوانی لێدەکرێ کە ئێستا لە خەیاڵیشدا ناگونجێت، ئەم پێشـــکەوتنە گشـــت بوارەکانی گرتۆتەوە بەتایبەتی بواری پزیشکی. بۆ نموونە چاویلکەی هۆشـــمەندی لە جۆری Evena Medical یارمەتیدەرێکی باشە بۆ یاریدەرانی پزیشـــکی و ســـتەرەکان. ئەم چاویلکەیە بەتەواوی رەگەکانی لێدانی دەرزی دەستنیشـــان دەکات و دەیدۆزێتەوە، چونکە ئەگەر ســـەرنج بـــدەن زۆر لەوانەی کە دەرزی لێدەدەن ماوەیەك بە دوای شـــاڕەگدا دەگەڕێن، جار هەیە هەر نایدۆزنەوەو ئەوکاتە کارەســـاتی مەترسیدار روو دەدات، بەتایبەتی دۆزینەوەی شـــاڕەگ لە منداڵ و ئەوانەی زۆر کێشـــیان لەســـەرێیە، بەڵام بەهۆی ئەو چاویلکەیەوە دەتوانی بە ســـوود وەرگرتن لە رووناکییەك کە بە NIR ناسراوە، بەتەواوی شاڕەگەکان دەستنیشـــان بدات. جگە لەوەش تەکنەلۆژییەکی تێدایە بۆ نموونە کەسێك کە چاو لە ئەندامی جەســـتەی کەســـێك دەکات دەتوانێت زانیاریی ورد لەسەر ئەو ئەندامەی بزانێت، چاویلکەکە وێنەی تایبەتی پزیشـــکی دەگرێت و وێنـــەکان لە ڕێگای بلوتوس یان وای- فایەوە بۆ ئامێرەکانی دیکە بگوازرێنەوە. نە تەنیا وێنە بەڵکو فیلمیش هەڵدەگرێتەوە.

# وێنەیەکی باش بە مۆبایلەکەت بگرە!

راســـتە کامێرای زۆر مۆبایل وێنەکانی کوالیتیان زۆر لەسەرێیە، رکابەری دەکەن لەگەڵ کامێرا سەرکەوتووەکان، بەڵام هەمـــوو مۆبایلێك وانییە.. یـــان کامێرای مۆبایل ناتوانێـــت وێنەیەك کە نیازتە بیگری زۆر گەورە بکاتەوە. ئیزی مایکـــرۆ (Easy-macro) کەرەســـەیەکی بچووکی بە ســـوودە، کە دەکرێت بەهۆیەوە بە ئاســـانترین شـــێوە لینـــزی مایکرۆ لـــە کامێرای مۆبایلە هۆشـــمەندەکان بخەی. لـــە راســـتیدا پێکهاتووە لـــە بازنەیەکی لاستیکی و لێنزێکی بچووك کە دەکەوێتە شوێنی کامێرای مۆبایلـــەکان. تەنانەت بەهۆی ئەو عەدەســـەوە دەتوانرێت وێنەیەك 8 جـــار گەورەتر بکەیەوە. ئەیـــزی مایکرۆ بۆ گشت مۆبایلێکی هۆشمەند دەگونجێت.






# تەبلێتیش بوو بە ئامێری گەیمەر

لەو یەك دووساڵەی دواییدا لە جیهانی دیجیتالی نوێدا، تەبلێت تا رادەیەك بوو بە رکابەرێکی جیدی لاپتۆپ، هەرچەندە نەتوانراوە جێگەی لاپتۆپ بگرێتەوە، بەڵام توانراوە زۆر توانا و کارایی لاپتۆپ لەخۆیدا هەڵبگرێت، بەهۆی کەم کێشی و یەکپارچەیی رەنگە شوێنی ئامێرەکانی گەیمەر وەك پلەی ستەیشن و پی ئێس پی بگرێتەوە.

دوایین تەبلێت کە هەر مەبەستی گەمەکردن بەرهەم هاتووە، تەبلێتی جۆری JXD S5800یە، ئەم تەبلێتە سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە، جگە لەوەش وەك مۆبایلێك هەموو ئەرکەکانی مۆبایل ئەنجام دەدات، چونکە سیمکارت دەخوێنێتەوە. تەبلێتی جۆری JXD S5800 خاوەنی پرۆسیسەرێکی زۆر بەهێزە و شاشەکەی 5 ئینجە و یەك گیگابایت رامەکەیەتی. هاردەکەی 8 گیگابایتە. دوو کامێرای هەیە، ئەوەی پێشەوە 3 میگاپیکسلە و ئەوەی دواوەش 5 میگاپیکسل. چەندین دوگمەی لەسەرە کە تایبەتن بە گەمەکردن.

# مەچەکبەندێک پێت دەڵێت چەند لەبەر هەتاو بوەستە



کە دەڵێن کوردستان بەهەشتە، رەنگە ئەم وشەیە هەر دەستەواژەیەکی شاعیرانە نەبێت بەڵکو هەڵقوڵاوی ئەو سروشتە دڵرفێنە بێت، لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە گەنجانی ئەم هەرێمە هەموو هەوڵێك دەدەن خۆیان بگەیەننە ئەوێ، کێشەی نەبوونی هەتاو و تیشکی خۆر کێشەیەکی گەورەیە، ئەوان لەو نیعمەتە یەزدانییە بێبەشن... هەربۆیە ئەو ئامێرەی کە باسی دەکەین زیاتر بۆ وڵاتانی ئەوروپا گونجاوە.

لە وڵاتانی سکاندیناڤیا کە خەڵك لەبەر هەتاو دەوەستن، نازانن دەبێ چەندە بوەستن، چونکە مانەوەی زۆریش لەبەر هەتاو زیانی هەیە، بۆیە ئەم مەچەکبەندە لە دەستیان دەکەن، مەچەکبەندی جۆری UVA+B Sunfriend مەودای نێوان کەمی و زۆری مانەوە لەبەر هەتاو دیاری دەکات، ئەو مەچەکبەندە مەترسییەکانی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی کە لەگەڵ تیشکی خۆردایە بە خاوەنەکەی رادەگەیەنێت. ڤیتامین D کە لەگەڵ تیشکی خۆردایەو جەستە پێویستییەتی و دژی شێرپەنجەیە، ئەگەر زۆر بچێتە ناو جەستەتەوە دیسان مەترسی هەیە ئەو مەچەکبەندە رێژەی ئەو ڤیتامین D دیاری دەکات کە جەستەت وەریدەگرێت.

مەچەکبەندەکە تەڕ نابێت.

# بەراوردێک لە نێوان باشت



هەڵبژاردنی ئەنتی ڤایرۆسێکی باش ئەوەندە سانا و ئاسان نییە، باوەڕ بکەن لە دیاریکردنی باشترین ئۆتۆمبێل دژوارترە، نەك بۆ ئەوانەی کە شارەزای ئەو بوارە نین، بگرە بۆ ئەوانەی کە ساڵانێکە لەو بوارەشدا کار دەکەن هەروایە.

لێرەدا کورتەیەك لەسەر پێنج ئەنتی ڤایرۆسی باشی ئەم ساڵ باس دەکەین و چاوێك بە لایەنە باش و خراپەکانی ئەم پێنج ئەنتی ڤایرۆسە دادەخشێنین.

ئەنتی ڤایرۆسی Norton: ئەنتی ڤایرۆسی نۆرتۆن کە هی کۆمپانیای سیمانتیکە، جگە لەوەی ئەنتی ڤایرۆسێکی سەرکەوتووە، چاککردنەوەی لایەنی سۆفتوێری کۆمپیوتەریشە. لە تاقیکارییەکدا دەرکەوت کە ئەم ئەنتی ڤایرۆسە جگە لەوەی توانی 97% ڤایرۆسەکان بسڕێتەوە، توانی فایلە خرابووەکانیش دەستنیشان بکات. بە کورتی لایەنە باشییەکانی: وردبینییەکی زۆر لە سڕینەوەی ڤایرۆسەکاندا. لایەنی سلبی: بوونی هەڵەی زۆر لەکاتی سکانکردنی فایلەکاندا، بۆ نموونە لەخۆوە فایلێك بە ڤایرۆس دەبینێت گەرچی ڤایرۆسیش نییە.

ئەنتی ڤایرۆسی ESET NOOD 32: ئەنتی ڤایرسی نەوەد 32 و کە هی کۆمپانیای ESETە خێراییەکەی لە زۆربەی ئەنتی ڤایرۆسە سەرکەوتووەکان زیاترە وەك کاسپراسکای و نۆرتۆن. لە تاقیکارییەکدا توانی 100% فایلە تێکدەرەکان بناسێ. بەڵام لە سڕینەوەیاندا توانی 60% بسڕێتەوە. لایەنی سەرکەوتووی ئەم ئەنتی ڤایرۆسە، خێرایی و ئەمنییەتی زۆر، لایەنی سلبیەکەی، پاککەرەوەیەکی لاواز، بەکارهێنانی دژوار..

ئەنتی ڤایرۆسی kasprersky: ئەنتی ڤایرۆسی کاسپراسکای بێگومان یەکێك لە ناسراوترین ئەنتی ڤایرۆسی جیهانە، کە هەمیشە وەك ئەنتی ڤایرۆسێکی بەهێز و بەسوود سەیری کراوە. یەکێك لە سێ ئەنتی ڤایرۆسە سەرکەوتووەکەی ساڵی 2013 بووە، بەڵام خاڵی لاوازی ئەو لەوەدابووە کە خێرایی سیستەمەکەی دابەزاندووە. بە کورتی لایەنی باشی ئەم ئەنتی ڤایرۆسە: وردبینییەکی زۆر، ئەمنییەتیەکی زۆر، پەیوەندییەکی بەهێز.

# لە دوورەوە چاودێریی کارەبای ماڵەوە بکە



زۆرجار هەیە بەبێ هیچ سوودێك کارەبایەکی زۆر بە فیڕۆ دەڕوات، ئەگەر توانرابا ئامێرێك هەبا کە کۆنترۆڵ و چاودێری کارەبای کردبا سوودی زۆری هەبوو، بەڵام دیزاینەرێکی بواری وزەی کارەبا (Roger Yiu) توانیویەتی پلاکی هۆشمەند و سمارت بەرهەم بێنێ کە لەگەڵ مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێن و لە رێگای دوورەوە دەتوانی چاودێریی کەلوپەلەکانی ماڵەوەت بکەی. بۆ نموونە لە دوورەوە بزانی کە گیزرەکەت ئاوەکەی گەرم کردووە و ئیدی پێویست بەوە ناکات چیدی کارەبا بە فیڕۆبدات. یان لەبیرت چووە کە سپلیتی ماڵەوە بکوژێنیەوەو هەر لە دوورەوە لە رێگای مۆبایلەکەتەوە بیکوژێنیەوە. یان دەتەوێ لە رێگای دوورەوە تانکی ئاو پڕ بکەی و موزەخە پێبکەی... پلاکی هۆشمەندی Smart Power Strip گشت ئەو کارئاسانییانە دەکات. تەنانەت دەزانی هەرکام لەو ئامێرانە لەمانگێکدا چەندیان وزە ویستووە و چەند خەرجی تێچووە.

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئەکاونتێکی سکایپیم هەیە و لەگەڵ هەندێك لە هاوڕێیانم بە سکایپی قسە دەکەم، ئایا دەکرێت ئەو هاوڕێیانەی کە لە فەیسبووکدا هەمن بتوانم لە سکایپیدا لەگەڵیان قسە بکەم؟

بەڵێ خوێنەری بەڕێز بێگومان دەتوانی، هەرکە سکایپیەکەت دەکەیەوە، لە شریتی سەرەوەدا فەرمانی contacts دابگرە و لەوێدا بچۆ بۆ contact list و لەوێدا facebook هەڵبژێرە. ئیدی بە ئاسانی گشت ئەو هاوڕێیانەت کە لە فەیسبووکدا هەتن دێنە ناو لیستی سکایپیەکەتەوە. ئیدی بە ویستی خۆت دەتوانی لەگەڵ هەرکام لە هاوڕێیانت قسە بکەی. بۆ زانیاریی زیاتری بەڕێزتان، پێچەوانەکەشی دەکرێت، واتە دەکرێت لیستی ئەو هاوڕێیانەت کە لە سکایپیدا هەتن بیانبەی بۆ لیستی فەیسبووکەکەت. چونکە فەیسبووك و سکایپی دوو ساڵ لەمەوبەر لە رێکەوتنێکدا پەیوەندی دامەزراندنیان لەگەڵ یەکتر دروست کردووە و بوونەتە لینکی یەکتر.

# رین ئەنتی ڤایرۆسەکاندا



لایەنە سلبییەکەی: خێراییەکەی کەم، دابەزاندنی خێرایی سیستەم.

ئەنتی ڤایرۆسی Bitdefender Total Security: زۆرکەس پێیان وایە ئەم ئەنتی ڤایرۆسە باشترە لە ئەنتی ڤایرۆسی کاسپراسکای، لەمساڵدا بە پلەی 99% لە ریزی دووەمی باشترین ئەنتی ڤایرۆسدا هات. ئەم ئەنتی ڤایرۆسە پارێزەرێکی باشە بۆ ئەوەی کە پەسۆردەکان نەدزرێن، هەروەها جموجۆڵی گوماناوی لەسەر کۆمپیوتەرەکەت ئەنجام نەدرێت. بەڵام ئەگەر پێشووتر ڤایرۆس لە سەر کۆمپیوتەرەکەت بێت ئەم ئەنتی ڤایرۆسە هەستی پێناکات، جگە لەوەش بەشێکی زۆر لە هارد داگیر دەکات و خێرایی سیستەمیش دادەبەزێنێ. لایەنی باشەکانی بە کورتی: توانای ناساندنێکی مامناوەندی هەیە. لایەنی سلبی: خێراییەکەی کەمە.

ئەنتی ڤایرۆسی Avast: ئەمە لە جیهاندا لایەنگرێکی زۆری هەیە، ئەم ئەنتی ڤایرۆسە هیچ کاریگەرییەکی خراپ لەسەر سیستەمەکەت دانانێ. توانایەکی باشی لە ناساندنی مەترسییەکانی ئینتەرنێتی و غەیری ئینتەرنێتی، هەروەها گەر سایتێکیش دەکەیەوە ئاگادارت دەکاتەوە کە ئەم سایتە مەترسی بۆ سەر کۆمپیوتەرەکەت هەیە یان نییە. لایەنی باشەکانی ئەنتی ڤایرۆسی ئاڤێست: ئەمنییەتی باش، خێرایی باش، بە خۆڕایی. لایەنی سلبی، سنووردارکردنی خزمەتگوزارییەکانی ئەوکاتەی کە بە خۆڕاییە.

# لە پلاکە نوێیەکاندا پێویستت بە شەحنکەرەوە نامێنێ



ئێستا لە ماڵەوە چەندین ئامێری دیجیتالی هەن کە رۆژانە پێویستیان بە شەحنکردنەوە هەیە، وەك مۆبایل، کامێرا، لاپتۆپ... تاد. هەرکام لەوانەش پێویستی بە شەحنکەرەوەیەکی تایبەتە، یان جار هەیە دەچییە شوێنێك کە شەحنکەرەوەی تایبەت بە ئامێرەکەی تۆی لێ نییە، ئەوکات گرفت دێتە پێش... بەڵام رەنگە لە داهاتوودا هەر لە سەرەتای بەستنی کارەبا بۆ ماڵەوە پلاکی تایبەت بە شەحنکردنەوە دابندرێت، وەك پلاکی جۆری thingCHARGER کە بەهۆیەوە هەم مۆبایل و هەم تەبلێت و ئامێرەکانی دیکە شەحن دەبنەوە و پێویستی بە شەحنکەرەوەی دیکە نییە. پلاکی کارەبایی جۆری thingCHARGER هەموو ئەو کەلێنانەی تێدایە کە بۆجۆری مۆبایلە هۆشمەندەکان، تەبلێت، کامێرا، کتێبخانەی دیجیتالی و زۆر کەرەسەی دیکەش کە پێویستیان بە شەحنکردنەوە هەیە. تەنانەت دەکرێت هەر پلاکێك لە یەك کاتدا سێ ئامێر شەحن بکاتەوە.

# سایتێک بۆ کردنەوەی فایلە زێبەکان




زێبکردنی واتە دەباڵێك پەستنەوەی فایلەکان بۆ ئەوەی کە قەبارەیەکی زۆر نەگرن، گرنگیی خۆی هەیە، بەتایبەتی کە نیازت هەیە ئەو فایلانە لەسەر ئینتەرنێت دابنێی، یان بۆ کەسێکی بەرێ بکەی، تەنانەت زۆر پرۆگرامی گرنگیش کە لە سەدان فایل پێکهاتوون بە زێب کراون و لەیەك فایلدا کۆکراونەتەوە، بۆ کردنەوەی فایلێکی زێب پێویست بە پرۆگرامی تایبەت بەکردنەوەی ئەو فایلانە دەکات، بەڵام ئەگەر لەسەر کۆمپیوتەرەکەت ئەو پرۆگرامە نەبێت چۆن فایلە زیبکراوەکان دەکەیەوە..

رێگاکە ئاسانە، سایتی Unziponline.com سایتێکی بە سوودە بۆ ئەم مەبەستە کە بەهۆیەو دەکرێت هەموو جۆرە فایلێکی زیب بکەیەوە بەبێ ئەوەی کە پێویستت بە هیچ پرۆگرامێك هەبێت. هەر ئەوەندە بەسە ئەو فایلانە کە مەبەستتە بکرێنەوە لەو سایتەدا ئەپەلۆدی بکە و پاش کۆتایی ئەپەلۆدەکە، فەرمانی Upload queue دابگرە تا فایلها بۆ کردنەوە ئامادە بن، تەنانەت دەکرێت 10 فایل پێکەوە بکەیەوە، دوای تەواوی کارەکان لیستێك لە فایلەکان دەبینی هەر فایلێك کە مەبەستتە دانلۆدی بکە.